# قەیرانی چەپو کۆمۆنیست لە کوردستان

**سازدانی: پشتیوان کەریم گەلاڵی**

دیارە لەدوای ساڵی 1990ەوە لەدنیادا بەگشتی حیزبو ڕێکخراوە چەپو کۆمۆنیستەکان زۆربەی زۆریان تووشی لێکترازانو فەوتانو گۆڕینی ناوو بەرنامە بوونەوە.

زۆربەی سیاسییەکان پێیانوایە هەرەسهێنانی بلۆکی ڕۆژهەڵات کە سۆڤیەت سەرچاوەکەیبوو کاردانەوەی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر ئەو حیزبو ڕێکخراوانە بەڵام پاش نزیکەی 20 ساڵ بەسەر شکستی کۆمۆنیزم ئەم بزووتنەوەیە وەک دەبینینو دەبیستین لێرەو لەوێ حیزبو ڕێکخراوەکانی سەر بەم ڕەوتە قەیرانە ناوخۆییەکانیان قووڵتر دەبێتەوە . ئاستی جەماوەریشیان دابەزینی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە . لەهەمانکاتیشدا هەر حیزبە و لێکدانەوەی جیاوازو ئۆباڵەکەی دەخاتە ملی ئەوانی تر .

ئێمە زنجیرەیەک چاوپێکەوتنمان ئەجامداوە لەگەڵ هەندێک لە ڕابەرانی ئەو حیزبو ڕێکخراوانە بۆ ئەوەی بزانین تێڕوانینیان بۆ وەزعی کوردستانو هۆکاری ئەو قەیرانانە چییە کە ئەم بزووتنەوەی لێدەرباز نابێت، هەرچەندە زۆربەشیان پێیانوانییە کە شتێک هەبێت ناوی قەیرانی چەپو کۆمۆنیزم بێت . چاوپێکەوتنی ئەمجارەش لەگەڵ (سەلاحی مازوجی) کەسایەتی سیاسی کوردستانی ئێران.

**هاوڵاتی: سەرەتا پێناسەتان بۆ چەپ و کۆمۆنیزم چییە؟**

سەلاح مازوجی: بەڕاستی دەبێت پرسیارەکە دوو بەش بێت، چونکە لەڕووی سیاسییەوە ریزبەندییەک هەیە لەناو کۆمەڵگادا ئەو بزووتنەوانەی کە لەبەرەی ناڕەزایەتی کۆمەڵگادان دەتوانرێ بە چەپ ناوببرێن، بەڵام شەرت نییە کۆمۆنیست بن. پێناسەی کۆمۆنیستیش بۆ ئێمە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە، بزووتنەوەیەکە کە لەناو کۆمەڵگادا وجودی هەیە کە هەمیشە چینی کرێکار بەدەستییەوە گرتووە، زۆرجار بەشێوەی عەلەنی و زۆرجاریش بەشێوەی نهێنی لەناو کۆمەڵگادا خەبات دەکات لە دژی نیزامی سەرمایەداری، لە شوێنی کاری لە شوێنی ژیانی بۆ ئێمە ئەم بزووتنەوەی واقیعییە کە وەک کۆمۆنیزم پێناسەی دەکەین.

لە سەدی 19دا کە مارکس و ئەنگلس هاتن تیۆری سۆسیالیزمی علمییان فۆرمۆلە کرد، ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەی چینی کرێکاریش وەک بزووتنەوەیەکی بەئاگاتر کاریانکرد، ئیتر لەو کاتەوە سۆسیالیزمی علمی لەبەرانبەر هەموو نەوعە سۆسیالیزمێکی پێش خۆیدا کە خۆی فۆرمۆلە دەکات، ئینجا دەبینین ئیتر کۆمۆنیزم تەنها بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار نییە لە دژی سەرمایەداری، دواجار جیهان بینییەکیشە کە تێڕوانینی خۆی لە دنیا دەدات.

**هاوڵاتی: بۆ هەمیشە ناوی چەپو کۆمۆنیزم پێکەوە دێت؟**

سەلاح مازوجی: چونکە کۆمۆنیزم هەمیشە لەبەرەی چەپی کۆمەڵگادا دێت ئەرکی شۆڕشی کۆمەڵایەتییان لەسەر شانە.

**هاوڵاتی: ئایا ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییە کە بەدیهێنانی شۆسیالیزمە بە دەستی کۆمۆنیستەکان لەڕوانگەی ئێوەوە ئەگەر سۆسیالیزم بەرقەرار ببێت ئەوکات کۆمۆنیزم چەپ نامێنێت.**

سەلاح مازوجی: ئەوکات سیاسەت مانایەکی تر پەیدا دەکات، ئەوکاتیش دەبێ بزانرێ جواب بە مەسائیلی سەردەم چییە.

**هاوڵاتی: ئێوە وەک حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەر بە چ بزووتنەوەیەکی سیاسی کۆمۆنیستین.**

سەلاح مازوجی: ئێمە لەڕاستیدا هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ هیچ حیزبو ڕێکخراوێکی ستالینی نییە لەسەرتاسەری دنیادا، بەڵام ڕێکخراوەی ترۆتسکی هەیە لە ئەوروپادا کە زۆر رادیکاڵن لە ڕوانگەی پێشکەوتنخوازییەوە ئێمە لەهەندێ کاتدا پەیوەندیمان هەیە. هەروەها لەگەڵ هەندێ حیزبو ڕێکخراوی بەقەولی ئێوە (ماوَئیست)ی پەیوەندیمان هەیە، هەروەها لەگەڵ حیزبی (مارکسیست لینینیست)ی ئەڵمانی کە خۆیان بە پەیڕەوکاری تێزەکانی (مائۆ) دەزانن، وەختێک سەیر دەکەیت ئەم حیزبە نەخشێکی باشی هەیە لە ئەڵمانیادا لەێ است مەسائیلی ڕۆژ لە روانگەیەکی کۆمۆنیستیانە لە گەڵ ئەوانیش پەیوەندیمان باشە. بەڵام وەک فیکر نا، چونکە پێمانوانییە لە چوارچێوەی بۆچوونەکانی مارکسدا بن.

**هاوڵاتی: پێتانوایە چەپ و کۆمۆنیست لە سەرانسەری دنیاو بەتایبەت لە کوردستان لە قەیراندایە؟**

سەلاح مازوجی: من پێموایە لەپەرش و بڵاویدایە ئەو پەرش و بڵاویەش باسی جۆراوجۆر هەڵدەگرێت. بەو شێوە نییە کە زۆرکەس پێیانوایە بیری مارکسیستی و کۆمۆنیستی لەم دەورەدا تووشی قەیران بووە ئێمە لەسەر ئەو باوەڕە نین.

من پێموایە تەنها بیری مارکسیستی و کۆمۆنیستی دەتوانێت جوابدەرەوەی مەسائیلە جۆراوجۆرەکانی ئەم سەردەمە بێت چ لە ئاستی ناوچەیی یان جیهانی، من پێموایە حیزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆر هەیە کە خۆیان بە کۆمۆنیزم یان شۆسیالیزم دەزانن نابێت قەیرانەکانیان لەسەر ئەم بزووتنەوەیە حیساب بکرێت، هەر بەو پێناسەی سەرەتاوە کردم کۆمۆنیزم بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە بەر لەوەی بزووتنەوەیەکی فیکری بێت یان فەلسەفەیەک بێت، هەر بەو جۆرەی کە مارکس تێبینی کردووە لە کتێبی ئایدۆلۆژی ئەڵمانی، دەڵێ کۆمۆنیزم شتێک نییە جیاواز لەم خەباتەی کە ڕۆژانە کرێکار دەیکات بۆ گەیشتن بەداخوازییەکانی خۆی، جاری وا هەیە تەرازووی هێز وا ئیجاب دەکات کە ئەو خەباتە بە شێوەی زۆر عەلەنی و ئاشکرا بباتە پێش، جاریش هەیە بەشێوەی نهێنییە. بۆیە ئێستا لە هەموو دنیادا زەمینەی کۆمۆنیزم لە هەموو کات لەبارترە.

ئەو قەیرانە گەورەی سەرمایەداری لەدنیادا روویداوە وڵاتانی سەرمایەداری دەیەوێت باری فشاری ئەو قەیرانە ئابووریە بخاتە سەر شانی کرێکار و زەحمەتکێش لەو کۆمەڵگایەدا دەیەوێت پوڵی ماڵیاتی ئەوان لە هەقدەستی ئەوان لە هەموو شتێکیان بۆ ئەوەی بە قورگی بانکەکانیدا بکات بەبیانووی ئەوەی کۆمەڵگا لە قەیران رزگار دەکات.

ئەمەش دەلیلێکی ڕۆشنە کە ئێستا زەمینە بۆ ناڕەزایەتی جەماوەر لە هەموو کات گەرمترە مەگەر هەر لەم ماوەی ڕابوردووەدا نەبوو کە ناڕەزایەتی کرێکاران لە یۆنان دەوڵەت و کۆمەڵگای بەرەو قەیرانی سیاسی برد.

دەنا ناکرێت حیزبێکی سیاسی چونکە بە ناوی کۆمۆنیست کاردەکات حیزبەکەی خۆی تووشی قەیران بووە، بڵێ ئەوەتا کۆمۆنیزم تووشی قەیران هاتووە.

**هاوڵاتی: ئێوە وەک حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەو پێیەی کە دۆستایەتییەکی دێرینتان لەگەڵ چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستانی عێراق هەیە تا ئێستا توانیوتانە هەوڵێک بدەن بۆ لەیەک نزیککردنەوەی چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستانی عێراق بۆ ئەوەی حیزبێکی بەهێزی کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراق پێکبهێنرێت.**

سەلاح مازوجی: لەڕاستیدا ئێمە بەهۆی وەزعێکی سیاسی تایبەتەوە لە کوردستانی عێراق نەمانویستووە ئەو کارە بکەین، بەڵام ئێمە پێمان باش بووە ئەو کەس و لایەنە چەپ و کۆمۆنیستیانە لە تەجروبەکانی کۆمەڵە کەڵک وەرگرن، لە هەمانکاتدا بە پێی ئەوزاعێکی سیاسی کە لە عێراقدا هەیە پێمانباشە لێکدانەوەی سیاسی خۆیان بکەن و ستراتیژی سیاسی خۆیان ڕێکبخەن، حیزب و ڕێکخراوی سیاسی خۆیان پێکبهێنن. ئێمەش هەمیشە خۆمان بە پشتیوانیان زانیوە و دەشزانین.

ئێمە لە ئێستادا وەک پەیوەندی مەعنەوی پەیوەندی سیاسی ئێمە پەیوەندیمان بە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستانی عێراقەوە هەیە، بەڵام تەداخولاتی تەشکیلاتییان بەمافی خۆیان دەزانین نەک ئێمە.

**هاوڵاتی: سوودمەندبوونی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە لە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان چیبووە؟**

سەلاح مازوجی: ئێمە ئەگەر کۆمەکێکمان پێکردبن لە ڕووی سیاسییەوە ئەرکێکی ئەنتەرناسیۆنالیستی خۆمان بەجێهێناوە، ئەگەر بزووتنەوە کۆمۆنیستییەکان لە کوردستانی عێراق بەهێزو کۆمەڵایەتیتر ببنەوە بۆ ئێمەش لەڕووی بردنە پێشی سیاسەتمان لە ئێران کۆمەک دەکات.

**هاوڵاتی: بگەڕێینەوە بۆ قەیران، وەک ئاگادارین چەند جارێک ریزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە تووشی لێکترازان بووە، حیزب و ڕێکخراوی تری لێجیابووەتەوە هۆکارەکەی چیبووە.**

سەلاح مازوجی: یەکێک لە گەورەترین جیابوونەوەیەک کە لە حیزبی ئێمە ڕوویدا لەساڵی 1990دا کرا، ئینشقاقی ڕەوتی کۆمۆنیزمی کارگەری مەنسور حیکمەت بوو. ئەوەش دەلائیلی خۆی هەبووە، من پێمخۆشە ئیشارەت بە دەلیلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی بدەم. ئەوان لە کاتێکدا جیابوونەوە لە ئێمە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستانی ئێران پاشەکشەی گەورەی بەسەردا هاتبوو. ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری پێیانوابوو کە کۆمەڵە سەرباری حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە، پێیانوابوو کە شەڕی ئێران عێراق تەواو بووە و کۆمەڵە تووشی گرفتی سەختتر دەبێتەوە، هاتن لەژێر ئەو مەسئولیەتەی کەوتبووە سەرشانی کۆمەڵە وەک تەشکیلاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، هاتن خۆیان لەژێر ئەو بارە دەرهێنا. دواتر بەوەش نەوەستان

دەیانوت کۆمەڵە بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی تێدایە ئەو جەمعە ناسیونالیستیەیە کە ناهێڵێت کۆمونیزم لە ئاستی ئێراندا بچێتە پێشێ و ببێتە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئەوەیان کردە ئاڕاستەیەک بۆ ئەوەی کە بڕۆن، بەڵام هەرکەس بێنیت دەزانێ ئەوە نە مەیلێکی ناسیۆنالیستی ناو کۆمەڵە بەڵکو خەفەقانێکی سیاسی بوو کە نەیدەهێشت لە ئێراندا کۆمۆنیزم ببێتە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، بۆیە هەرکام لەو جیابوونەوانە لێکدانەوەی تایبەتی خۆی هەیە، یان ئەوان دەیانووت نابێت دوو لێکدانەوەی جیاواز بکرێت بۆ ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانی عێراق. بەڵام لەناو حیزبێکی کۆمۆنیستیدا زۆر ئاساییە بۆ هەلومەرجێکی سیاسی دوو لێکدانەوە و سێ لێکدانەوەش هەبێت.

بەڵام بۆ دەبێ لێکدانەوەی جیاواز ببێتە هۆی لەیەک ترازان. من پێموایە هەر ئێستا من و تۆ لە حیزبێکی سیاسیدا بین و لە هەمان کاتدا بۆ ڕووداوێکی سیاسی دوو لێکدانەوەی جیامان هەبێت زۆر زۆر دەبێت ئاسایی بێت میکانیزمی حیزب لە جێگەیەک وەردەگیرێ من و تۆش هەر یەکەمان لە گۆڤارو بڵاوکراوەکان ڕەئی خۆمان بنووسین.

بەدوای ئەوانیشدا لە ساڵی 2000 جیابوونەوەی جەریانی زەحمەتکێشان بوو، دەی ئەویش بێنە لێکدانەوەی بۆ بکەین بزانین بۆ جیابوونەوە، واقیعەن لەو سەردەمەدا کۆمەڵێک ڕووداو ڕوویاندابووو تەئسیراتی خۆیان دانابوو، مەسەلەن 2ی خورداد 1976ی ئێران کە دەکاتە1997ی زاینی کە خاتەمی هاتە سەر کار زۆر لە هێزە ئۆپۆزسیونەکانی ئێران ئەم کۆمەڵەش کە لە ئێمە جودا بوونەوە خۆشخەیاڵ بوون کە ئێران بەرەو دیموکراتیزە دەچێت و پێیانوابوو کە مەسەلەی میلیش کۆتایی پێدێت، پێیانوابوو ئەوانیش لەو پرۆسەیەدا بە دەسەڵاتی سیاسی دەگەن، ئەوان بەو لێکدانەوەی کە هەیانبوو دەیانویست کە هەموو تەشکیلاتی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بهێننە سەر ئەو لێکدانەوەیە بۆ ئەوەی خۆی ڕێکبخات لەگەڵ ئیسڵاح خوازەکانی جموری ئیسلامی بە سەرۆکایەتی خاتەمی، بەڵام کە نەیانتوانی هەموو تەشکیلات لەگەڵ خۆیان ڕاکێشن زەمینەیان خۆشکرد بۆ جیابوونەوە و پێیانوابوو زەمینەی گەشەی کۆمەڵە تەنها ڕێککەوتنە لەگەڵ خاتەمی، هەم ئاڵوگۆڕی تریش قەومابوو لە دنیادا وەک لێکبڵاوبوونەوەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات ئەوان لەو ڕوانگەشەوە پێیانوابوو دەورانی فەعالیەتی کۆمۆنیستی بەسەر چووە هەر ئەوەی کە لەسەرەتاوە باسمانکرد.

**هاوڵاتی : پاشئەوەی کە بە بڕوای ئێوە پێشبینییەکانی باڵی زەحمەتکێشان دروستدەرنەچوو ئێوە یاخود ئەوان پێشنیاریان نەکرد جارێکی تر بێنەوەو لەناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران خۆیان ڕێکخەنەوەو پێکەوە درێژە بە خەبات بدەن؟**

سەلاح مازوجی: نەخێر، بەڵام ڕەنگدانەوەیەکی ناتەندروستی زۆری هەبوو لەسەر خۆیان کە پێشبینییەکانیان هەڵە بووە نەک هەر پێشبینییەکەیان، بەڵکو پرۆژەی خاتەمیش بۆ ئیسڵاحی جمهوری ئیسلامیش شکستی خوارد، ئیتر مەعلومە ئەوکەسانەش کە ئومێدیان پێ بەستووە شکست دەخۆن نەک ئەوان حیزبی دیموکراتی ئێرانیش وای بەسەرهات.

بۆیە من پێموایە سیاسەتەکانی ئەو هاوڕێیانەی لە ئێمە جیابوونەتەوە تا دەگات بە حیزبی دیموکراتیش بە هەردوو باڵەکەیەوە جوابدەرەوەی خەباتی خەڵکی ئێران نییە. هەموو سیاسەتەکانی ئێمە دروست دەرهاتووە.

**هاوڵاتی :زۆر باسی هۆکاری سیاسیمان کرد کە بووەتە هۆی لێکترازانی حیزبە چەپ و کۆمۆنیستییەکان، ئایا هۆکاری داراییش یان بڵێین ئابووری دەوری هەبووە؟**

سەلاح مازوجی: نەخێر.

**هاوڵاتی: پێتوانییە حیزبو ڕێکخراوە چەپو کۆمۆنیستییەکان لە قەیراندان لەڕووی ماڵییەوە؟**

سەلاح مازوجی: بەڵێ بەدرێژایی مێژووی ئەو حیزبانە کێشەی ماڵییان هەبووە لە بەراورد لەگەڵ هێزەکانی تر، بەڵام نەبووەتە کێشەی جیدی.

**هاوڵاتی :ئێوە وەک حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کەناڵێکی ئاسمانی و رادیۆو بڵاوکراوەی جۆراوجۆرتان هەیە بۆ ئەمانەش پارەیەکی زۆر پێویستە سەرچاوەی داراییتان لەکوێوەیە؟**

سەلاح مازوجی: بەشێکی دارایی ئێمە لە سەرشانی ئەندامانی حیزبە لە دەرەوەی وڵات لە ڕێگەی ئابوونەی مانگانەوە، بەنیسبەت تەلەفیزیۆنەکەوە چەند کەمپینێکمان بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک ڕاگەیاند جگە لەوەش زۆربەی ئەندامانی حیزب لە دەرەوە لە بانکەکان پارەیان قەرز کرد تا توانیمان سەرفی 2 ساڵی تەلەفیزیۆن مسۆگەر بکەین، کۆمەڵێک ڕێکخراوی خەیریش لە دەرەوە کۆمەکمان دەکەن و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کۆمەکمان دەکات، هەر بەو جۆرەی بە ئۆپۆزسیۆنەکانی تری ئێران دەیکات، بەڵام ئەو هاوکارییەی حکومەتی هەرێم ئەوەندە نییە بتوانین فەعالیەتی سیاسی پێبکەین .

**هاوڵاتی: جگە لەو کۆمەکانە کە بەدەستتان دەگات هیچ پرۆژەیەکی پەیداکردنی پارەتان نییە وەک حیزب؟**

سەلاح مازوجی: بەڵێ هەمانبوو، بەڵام زۆرسەرکەوتوو نەبووین تێیدا.

**هاوڵاتی: شەفافیەت هەیە لە داراییتاندا هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بێ جیاوازی ئاگاداری داهاتو سەرفی کۆمەڵە هەن؟**

سەلاح مازوجی: بەڵێ شەفافیەتی تەواو هەیە لای ئێمە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەموویان ئاگادارن چەند پارە لەکوێ وەردەگیرێت و چۆنیش خەرجدەکرێت، لە کۆنگرەکانیشماندا سورەت حیساب دادەنێین، هەر ئەندامێک ئەگەر بیەوێت دەتوانێت سەیریان بکات.

**هاوڵاتی: تێڕوانینتان بۆ ئایندەی حیزب و ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستییەکان چییە بەخۆشتانەوە؟**

سەلاح مازوجی: نزیکەی زیاتر لە 20 حیزب و ڕێکخراوی چەپو کۆمۆنیستی هەیە لە ناوچەکە هەمووشمان هەر دەڵێین شۆسیالیزم و حکومەتی کرێکاری، دیارە ئەمانەش خاڵی باشی هاوبەشە، بەڵام بەبڕوای من ئەوەی کە بووەتە هۆی پەرش و بڵاوی چەپو کۆمۆنیزم نەبوونی ستراتیژییەکی سیاسی واحیدە، وەختێک کە باس لە ستراتیژی سیاسی دەکەین مەبەست هەر ئەوە نییە کە فۆرمۆلەی ئەهدافی نیهاییمان وەک یەک بێت کە دەڵێین شۆسیالیزم، بەڵکو ئەو

مەسیرەیە کە دەمانەوێت بیپێوین بۆ سۆسیالیزم یان حکومەتی کرێکاری لەو مەسیرەشدا دەبێت تەوافوقمان هەبێت، کۆمۆنیزمی کارگەری کە دەڵێت حکومەتێکی کارگەری ئێمەش هەروا دەڵێین، بەڵام بەواقیعی دوو مەسیری جیاوازمان هەیە هەر لەو باسانەی کە دەیکەن، ئەوان وەک حیزب دەیانەوێت دەسەڵات بگرنە دەست، بەڵام ئێمە وەک بزووتنەوەیەکی کرێکاران، بۆیە ئەمە فەرقەکەیە، وەختێک حیزبێکی سیاسی دەیەوێت چینی کرێکار بە دەسەڵات بگات دێت قورسایی خۆی دەخاتە سەر هۆشیاری چینی کرێکار نزیککردنەوەی هەڵسوڕاوانو رابەرانی کرێکاران تا لە کۆتایدا دەگەنە دەسەڵات.

بۆیە ئەمە دوو ستراتیژی لە یەک جیاوازە، حیزبێک دەیەوێ حیزبەکەی دەسەڵات بگرێتو حیزبێک دەیەوێت چینی کرێکار دەسەڵات بگرێت.

**هاوڵاتی: جیاواز لەوەی ستراتیژی گەیشتن بە دەسەڵات چۆن دەبێت، بەڵام ناکرێت کاری هاوبەشو پرۆژەی سیاسیتان پێکەوە بێت؟**

سەلاح مازوجی: بەڵێ، وەک دوو حیزبی سیاسی دەتوانین و کردووشمانە هەر کە ئێمە بانگەوازی مانگرتنی گشتیمان راگەیاند ئەوان بەگەرمی هاتنە پشتی، ئێمەش پێشوازیمان لێکردن یان لە تەواوی دەرەوەی وڵات ئێمە ئاکسیۆنی هاوبەش دادەنێین بۆ ئازادی زیندانیانی سیاسی بۆ راگرتنی حوکمی ئیعدام یان بۆ یەکی ئایار، بەڵام دیسان ئەوە کۆمەکێکی ئەوەندە گەورە ناکات بەو پەراگەندەییەی کۆمۆنیزم، چونکە جیاوازییەکان ریشەدارن.

**هاوڵاتی: ساڵانێکە وازتان لە خەباتی چەکداری هێناوە بەنیازنین جارێکر تر دەست بدەنەوە چەک شەڕی چەکدارانە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بکەن؟**

سەلاح مازوجی : خەباتی چەکداری بەشێکە لە ستراتیژمان، ئێمە لەم چەند ساڵەی دووایدا کە خەباتی چەکداریمان نەبردووەتە پێشێ، بەو مانایە نییە کە وازمان لە خەباتی چەکداری هێناوە، هەر ئێستا ئێمە ئاموزشگای سەربازیمان هەیە کە ئەوانەی دەبنە پێشمەرگە لە کچان و کوڕان لەوێ دەورەی سەربازی و سیاسی تەواو دەکەن.

بەڵام لەئێستادا لەبەر وەزعی سیاسی کوردستانی عێراق ئێمە چالاکی پێشمەرگایەتی ئەنجام نادەین. زۆریش بۆمان ئاسانە کە هێزی چەند نەفەری بنێرینە ئێران و چالاکی سەربازی ئەنجام بدەین، بەڵام دڵنیاین لە ئەنجامی ئەو چالاکییەدا گوشارەکانی ئێران بۆسەر خەڵکی مەدەنی توندتر دەبێت و پێشمانوانییە کە ئێران بەلێدانی پایەگایەکی سەربازی بڕوخێت.

هەروەها بەری ئەو فەعالیەتە کۆمەڵایەتیانە کە لە شارەکاندایە دەگیرێتو رژێم سەرکوتی خەڵکی توندتر دەکات.

**هاوڵاتی: بەرنامەی ئێستاو ئایندەتان چییە لە باری سیاسییەوە؟**

سەلاح مازوجی: ئێمە ئێستا زۆرترین قورسایمان و زۆرترین کارمان راگەیاندنەکانمان خستووەتە سەر کاری رێکخستنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، ئێستا هەڵسوڕاوانی خۆمان لە دێهاتەکان و لە شارەکان و لە کارگەکان هاندەدەین بۆ ئەوەی نەخش و دەورێکی زۆرتریان

هەبێت لە ڕێکخستنی ڕێکخراوە کرێکارییەکان و  شورا کرێکارییەکان، چونکە پێمانوایە لەڕێگای ئەو ڕێکخراوانەوە دەتوانین ئەو خەباتەی ئێستا هەیە ببەنە پێشێ، ئێمە هەوڵیش دەدەین پەیوەندی ئەو بزووتنەوانە لەگەڵ بزووتنەوەی سەرتاسەری کرێکاری ببەینە پێشێ، هەرچەندە ئێستا هیچ جیاوازییەکی دیار نابینین لە نێوان بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران و بزووتنەوەی کرێکاری لەسەرتاسەری دنیادا.

**سەرچاوە: هاوڵاتی** 10/7/2010